# لێکدانەوەی چەمکی ڕەوایەتیدان لە بەرهەمی (ناڵەی دەروون)ی شێخ محەمەدی خاڵدا

## (ڕووانگەیەکی شیکاری ڕەخنەیی گوتارە)

م.ی. سەروەر سەعدوڵڵا ساڵەح

زانکۆی چەرموو/ کۆلێژی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی /چەمچەماڵ

Sarwar.sadulla@chu.edu.iq

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩

**پوختە:**

شێخ محەمەدی خاڵ، یەکێکە لە کەسایەتییە دیار و ڕووناکبیرەکانی کورد، لە ڕۆژگاری خۆیدا وەك مەلایەکی نوێخواز خەمەکانی کۆمەڵگە و پرسە گرنگەکانی نەتەوەکەی لە پێشینەی کارەکانی بووە. نووسەر لە بەرهەمی (ناڵەی دەروون)دا، کە لە بنەڕەتدا کۆمەڵە وتارێکە لە ڕۆژگار و هەلومەرجێکی دیاریکراودا نووسراوە، تیایدا بەنیازە گوتارێکی باڵا و بڕواهەڵگر پێکبهێنێت، کە جێی متمانەی خوێنەر بێت، تاوەکو زوو نەڕووخێت و هەڵنەوەشێتەوە، بەمپێیە گوتارەکانی شێخ محەمەدی خاڵ بە شێوەی جۆربەجۆر بەدوای بەدەستهێنانی متمانە، یاخود ڕەوایەتیدانەوەن. ئەنجامی بەدەستهاتووی لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات، کە پێداگیریی نووسەر زیاتر لەسەر ئەوەیە، کە لە ڕێگەی زمانەوە و بە گەڕانەوە و ئاماژەکردن بۆ (ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، فەرمووده، دابونەریت، دەقی شاعیران، کەسایەتییەکان، پەندی پێشینیان و بنەمای ئەقڵیی)، گوتارگەلێکی بەرزی وەك (ئاینیی، مرۆڤایەتیی، ئەدەبیی، فەلسەفیی، کۆمەڵایەتیی، نیشتمانیی و ڕۆشنبیریی) دابمەزرێنێت، سەرجەم گوتارەکانیش هەم دروستکەرن و هەم دروستکراون. بە واتە گوتارەکان جۆرێکن لە پراکتیکی کۆمەڵایەتیی، کە هەم جیهانی کۆمەڵایەتیی دروستدەکەن، هەمیش دروستکراوی پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەن.

**وشە سەرەکییەکان:** چەمکی گوتار، تێوری شیکاری ڕەخنەیی گوتار، چەمکی ڕەوایەتیدان، ناڵەی دەروون.

### 1/ پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە زمان بەدرێژایی مێژوو بابەتی دڵخوازی زۆرێك لە پسپۆڕان و لێکۆڵەرانی بەشە جیاوازەکانی وەك دەروونناسیی، زمانەوانیی، فەلسەفە و هتد ... بووە. لەم ساڵانەی دواتریشدا ئەم بابەتە بوو بە بابەتێکی گرنگ و سەرنج و تێڕوانینی شیکەرەوانی دەقی بە لای خۆیدا ڕاکێشا. دەگرێت پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە درێژبکرێت، کە ناتواندرێت زمان هەڵگری ئەرکێکی جێگر و حەقبەستوو بێت، بەڵکو لە بەرانبەردا زمان ڕۆڵێکی پەیوەندیدارانەی هەیە و لە گواستنەوەی زانیارییەوە بۆ گفتوگۆ و مامەڵەی هەمەجۆری کۆمەڵایەتیی لەخۆدەگرێت و بە شێوەی نووسراو و گوتراو خۆی نمایشدەکات. (یار محمدی، 1383: 20). هەر لەم ڕووانگەوە

دەکرێت بگوترێت، کە باوەڕ و کردار و ئامانجەکانی مرۆڤ لە دروستکردنی گوتار ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت. گوتاریش، واتە بەگەڕخستن و بەکارهێنانی زمان لە پەیوەندی دروستکردنی لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کەلتورییەکاندا، کە سیستەمی کۆمەڵایەتیی پێچەوانەدەکاتەوە و مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا پێکدەهێنێت. هەر پەیوەست بەم پێناسە و خستنەڕووەی گوتارەوە "ڤەن دایك"، هەموو گوتارێك بەجۆرێك لە چالاکیی کۆنترۆڵکراو و ئامانجداری مرۆڤ تەماشاکادەکات. (حمید رضا اکبری و همکاران، 1397: 140). هەر بۆیە، تیۆری شیکاری گوتار بە شوێنی کەشفکردنی بیرۆکە و ئایدیا نادیار و شاراوەکانی نێو دەقەوەیە. شێخ محەمەدی خاڵ، گەرچی ڕووناکبیرێکی گەورەی ئاینییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لە گۆشەنیگایەکی کراوەترەوە لێیبڕوانین، بەجۆرێك، کە لە پاڵ بابەتی ئاینییدا خاوەنی تێڕوانینێکی نێوانبەشیی/ میانڕشتەیی بووە، بە واتە لەسەر زۆر بابەتی وەك، مێژوویی، زمانیی، ئەدەبیی، نیشتمانسازیی، ئەخلاقیی، بیرکردنەوەی ئازادانە و بابەتی ڕۆشنبیریی، کۆمەڵایەتیی و کۆمەڵناسیی، هەڵوێست و تێڕوانینی تایبەت بە خۆی هەبووە. هەر ئەم تایبەتمەندیی و جیارکارییشە لە نووسەران و پیاوانی ئاینیی سەردەمەکەی جیایکردووەتەوە و بەنەمریی ڕایگرتووە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە بە دیدێکی نوێخوازانەوە، چەمك و بنەماکانی ڕەوایەتیدان لە بەرهەمی "ناڵەی دەروون" ی نووسەردا لێکبدرێتەوە، هەروەها گۆشەنیگای تازە و ئاسۆیەکی کراوەتر و ڕۆشنتر لەم بەرهەمەدا نیشانبدرێت.

**2/ ڕەگەزە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکە و پێناسەکردنی چەمکەکان:**

**1/ میتۆدی لێکۆڵینەوەوەکە:** میتۆدی نووسینی لێکۆڵینەوەکە (شیکاریی– پەسنی)یە، بەگشتیی بەپێی تێوری شیکاری ڕەخنەیی گوتار دەقەکان خراونەتەڕوو و شیکراونەتەوە، کە لە ئەمڕۆدا یەکێکە لە تێورە پڕبایەخ و گرنگەکانی نێو کایەی زانستیی مرۆیی و کۆمەڵایەتیی.

**2/ گرفتی لێکۆڵینەوەکە:** گرفتی لێکۆڵینەوەکەدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە زۆر لایەنی ڕووکەش و سادەی دەقە ئاینیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بەرهەمە (ناڵەی دەروون)، نیشاندراوە. واتە تاڕادەیەکی زۆر نەتوانراوە، لایەنە نادیار و شاراوەکانی نێو دەقە ئاینییەکانی بەرهەمەکە نیشانبدرێن، کە بەچەشنێك هەڵگری زەمینەی ڕۆشنبیریی، هۆشیاریی، کۆمەڵایەتیی، ئاینیی و کەلتوریی زۆر قووڵ و نەگوتراون.

**3/ پرسیاری لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات، وەڵامی بەجێی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

ئایا مەبەست لە تێوری شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار، چەمکی ڕەوایەتیدان چییە؟، ئایا دەقەکانی نێو بەرهەمی "ناڵەی دەروون"، مەبەستی شاراوە و پەنهانیان تێدایە؟، هەروەها کام جۆر لە گوتار ئامادە و باڵادەستە؟، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕێگا و بنەماکانی ڕەوایەتیدان لە دەقەکانی "شێخ محەمەدی خاڵ"دا، لە چییەوە سەرچاوەدەگرێت؟

**4/ گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:** هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی گرنگیی و بایەخی خۆی هەیە. ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە تایبەتە بە نواندن و لێکدانەوەی چەمکی ڕەوایەتیدان لە وتارەکانی بەرهەمی "ناڵەی دەروون" ی شێخ محەمەدی خاڵدا، هەڵگری بایەخپێدان و سەرنجی وردە. بە واتە ئەگەر ڕۆژگارێك وتارەکانی نووسەر وەك وتار نیشاندرابێتن و لێکدانەوەیان بۆ کرابێت، ئەمڕۆ دەتوانرێت هەمان ئەو وتارانە، لە ڕووانگەی تێوری شیکاری ڕەخنەیی گوتارەوە لێکبدرێنەوە، بۆیە دەکرێت لێکۆڵینەوەکە وەك سەرچاوەیەکی ڕەسەن بۆ توێژەرانی کورد یارمەتیدەر بێت. سەرباری ئەمەش دەکرێت وەك میتۆدێکی زانستیی بۆ خوێندنەوە و شیکارکردنی دەقی هەمەجۆر بایەخدار بێت و بتوانرێت چاوی لێبکرێت.

sjh@univsul.edu.iq

**5/ بنەما تیۆرییەکان**

**1/5 تیۆری شیکاری ڕەخنەیی گوتار:**

گوتار چەمکێکی فراوانە، هەر بۆیە لەلایەن فەیلەسوفان و زمانەوانانەوە بۆچوونی جیاوازی لەسەر هەیە. نزیکەی سێ دەیەیە، گوتار "Discourse" بووەتە مۆدێلی قسەکردن و نووسین و توێژینەوەکان و دیبەیتی ناو کەناڵەکانی گەیاندن و ناوەندەکانی بڕیاردان و خوێندن و کۆڕ و سیمیناره ئەدبییەکان. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مەبەست لە گوتار ئەوەیە، کە زمان لە شێوەی کۆمەڵێك چوارچێوە و قاڵبدا ڕێکخراوە و خەڵك لە کاتی بەشداریکردنیاندا لە کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە ئاخاوتندا پشت بەم قاڵبە دەبەستن. (یورگسن و فیلیپس، 1401: 71). لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بگوترێت گوتار چەمکێکی سەنتەریی "فۆکۆ"یە، ئەگەرچی لە ئەدەبی فەڕەنسیدا هەمیشە چەمکێکی باو و پڕبایەخ بووە، بۆیە ئەو تێگەیشتنەی، کە زانستیی مرۆیی لە گوتار هەیەتی، قەرزباری کارە هزییەکانی فۆکۆیە. (علی ناجی، 1394: 64). فۆکۆ باوەڕی وایە، گوتار پشت بە کەلەپور دەبەستێت و بابەتی سەرەکیی لای بریتییە لە گوتار لە مێژوودا. هاوشانی ئەوەش پەیوەست بەم چەمکەوە مەعریفە و دەسەڵات، یاخود دەسەڵات و ئەخلاق لای فۆکۆ جێی بایەخن. ئەمە وای کردووە، کە گوتار هەڵگری ئامانجگەلێکی زۆربێت، هەر بۆیە "بەرزترین ئامانجی شیکردنەوەی گوتار پشتیوانیکردنە لە ئازادیی، دەستڕاگەیشتن بە مەعریفەی ڕاستەقینە لە ڕێگەی گوتاری ڕاستەقینەوە، یارمەتیدانی پەردە لەسەر لادانی دەقە کۆمەڵایەتییە شێواوەکان و باڵانسکردنەوەی بونیادەکانی دەسەڵاتی پەیوەندییە.". (محمد پور، 1393: 241). هاوکات بە ڕای "هاریس"، گوتار یەکەیەکی زمانیی درێژە، کە لە بەدوایەکداهاتنی ڕستەیی پێکدێت. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پێناسانەی، کە خرایەڕوو دەکرێت گوتار لە شێوەی زمانی دەق و زمانی قسەکردندا خۆی بنوێنێت. کاتێکیش باس لە زمان و گوتار دەکەین نابێت دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە بایەخی پێنەدرێت. فرکلاف Fairclough پێی وایە، کە گوتار بەکارهێنانی زمانە وەکو بابەتێکی کۆمەڵایەتیی، هەر بۆیە گوتار ڕۆڵی شیکاریی دەبینێت. بە دەربڕینێکی دیکە گوتار شیکردنەوەی ڕۆڵی دەقە لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەدا. (سورخی، 2013: 11). کەواتە کۆی گشت پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و کلتوورییەکان و ڕۆشنبیرییەکانی هەر نەتەوەیەك، تاڕادەیەك زمانین، بە واتە کردە زمانییەکان دەقەکان پێکدەهێنن و لە هەمان کاتیشدا بەکاری دەبەن. بە گوزارشتێکی ڕوونتر دەکرێت بڵێین زمان و گوتار لە پەیوەندییەکی تەواوکەرییانەدان و بە بێ بوونی یەکتر هەڵناکەن، بە واتە زمان گوتار دروستدەکات، گوتاریش زمان دروستدەکات. بۆچوونێکی دیکەی فرکلاف پەیوەست شیکاری ڕەخنەیی گوتارەوە هەیە و ناکرێت فەرامۆشبکرێت، ئەویش ئەوەیە، شیکاری ڕەخنەیی گوتار پشتیوانیکردنە لە خەباتی ئەوانەی، کە دژی نادادیی و نەزانیی لە کۆمەڵگەدا خەباتدەکەن، واتە تێکەڵییەکی هاودەنگیی و هاوهەڵوێستییە لەگەڵ ئەو چەوساوانە، کە بە دژی گوتارە زاڵ و بەهێز و چەوسێنەرەکان خراونەتەگەڕ. لەم ڕووانگەشەوە فرکلاف پێی وایە، کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار لایەنگرە و شانازیشی پێوەدەکات. جیاواز لەمە فرکلاف ڕایدەگەیەنێت گوتار کردەیەکی ئایدۆلۆژییە و شیکاری ڕەخنەیی گوتاریش، بانگەشەی ئەوە دەکات، کە کردە زمانییەکان بەشدارن لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی نایەکسانیی لە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی دەسەڵاتەوە. (میدیا ئیبراهیم فەتاح، هیوا ئەحمەد عەزیز، 2023: 346). کەواتە لەو باسەی سەرەوەدا دوو ڕاستیی بەدەستدەهێنرێت یەکەمیان، ئەوەیە، کە گوتار لەڕووی لایەنداریی و بێلایەنییەوە، لایەندارە. گوتار بە لایەندارییەکەی، دەتوانێت خزمەت بە مرۆڤایەتیی بکات و مرۆڤ لە کەوتنی شوناس و بەهاکان بپارێزێت. ڕاستیی دووەم بریتییە لەوەی گوتار دەتوانێت پشتیوانیی بەرەی چەوساوە و ناڕەزایی و مافخوراوانی سەرجەم کۆمەڵگەکان بکات.

sjh@univsul.edu.iq

هەرچی ڤەن دایکە Van Dijk پەیوەست بە چەمکی شیکردنەوەی گوتارەوە، بانگەشەی ئەوە دەکات، کە شیکاری گوتار، وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، کە چۆن سودوەرگرتن لە زمان، دەتوانێت کاریگەریی لەسەر بیروباوەڕ و بەها و هەڵسوکەوتی مرۆڤ هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا چۆن بیروباوەڕ و بەهاکان دەتوان زمان و هەڵسوکەوتی مرۆڤ کۆنترۆڵبکەن؟ (Van Dijk, 1997: 2)کەواتە، زمان لای سەرجەم پێشەنگەکانی بواری شیکردنەوەی گوتار بابەتێکی زۆر سەنتەرییە و هەرگیز ناکرێت لە شیکردنەوەی گوتاردا پشتگوێبخرێت.

**2/5 تیۆری شیکاری ڕەخنەیی گوتار و چەمکی ڕەوایەتیدان:**

لە تیۆری شیکاری گوتاردا، چەندین تیۆر و ڕووانگەیەکی هەمەجۆر، لەوانە ڕووانگەی "ڤەن دایك 2017"، "فرکلاف 2010"، "هاج و کرس 2017" و "ڤەن لیۆن 2017" خراونەتەڕوو. لەنێو ئەو تیۆردانەدا تیۆری ڤەن لیۆن "Van Leeuwen"، بە ناونیشانی کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان Social Actors "، لەڕووی ڕەگەزی ( کۆمەڵناسیی - واتاییەوە socio- semantic) ، دەپەرژێتە سەر شیکاری گوتارە جیاوازەکان و بەتایبەت گوتارە سیاسییەکان، ئەمەش وای کردووە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەکارهێنانی لە گەشەدا بێت، لەبەرئەوەی ئەم تیۆرە لە شیکاری گوتارەکاندا، دەبێتە کەرەستەیەکی بەهێز بۆ ڕاڤەکەری دەقەکان. (محمد رضا پلهوان نژاد، 1401: 197). لە لایەکی ترەوە دەکرێت، بگوترێت لەم تیۆرەدا ڕەخنەگر سەرنج لە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵگە دەدات و پەی بە ڕەگەزە (کۆمەڵناسیی– واتایی)کان دەبات، کە لەناو هەناوی زماندا شاراونەتەوە. بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە، کە ڤەن لیۆن واتا وابەستەی کەلتوور دەزانێت، نەك بەپێچەوانەوە. هەر بۆیە لەم تیۆرەدا واتا ناتوانێت وابەستەی نیشانە زمانییەکان بێت. وێڕای ئەمە دەکرێت بگوترێت هەر گوتارێك، بەرهەمی دیدگا هزریی و کۆمەڵایەتییەکانی تاك، یان چینێکە، کە لە ئەنجامی بیروباوەڕ و بۆچوون و بەهاکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە، بەمپێیە هەموو پێکهاتە دەنگیی، وشەیی و ڕستەییەکان، دیدگایە و مەبەستی تایبەتی نووسەر دەخاتەڕوو. (یار محمدی، 1383: 63). جێی ئاماژەپێدانە، زاراوەی ڕەخنەگر یەکێکە لە زاراوەکانی تیۆرەکەی ڤەن لیۆن، کە مەبەست لێی، شیکارکەر، یاخود ڕاڤەکەری دەقە. ڕەخنەگر هەوڵدەدات، چالاکیی کۆمەڵایەتیی نووسەر لە ڕێگەی زمانی دەقەکەوە بنوێنێت و بیخاتەڕوو. هەر ئەمە ڕێگەخۆشکەرە دەق بتوانێت، هاوشێوەی کردەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێزی ڕازیکەری زمان، ڕەوایەتیدان بە گوتارەکەی ببەخشێت. (زهرا حیاتی، فاطمە عربزادە، 1399: 196). لێرەدا مەبەست ئەوەیە، نووسەر لە ڕێگەی زمانەکەیەوە، کە قایلکەرە، ڕەوایەتیی بە گوتارەکەی دەدات، کە بۆی هەوڵیداوە و بەرهەمیهێناوە. ئەمەش بۆ ئەو ئامانجەیە، تا کار بکاتە سەر خوێنەر و بێتە جێی باوەڕی و هەڵنەوەشێتەوە. لێرە بەداوە دەپەرژێینە سەر باسی چەمکی ڕەوایەتیدان، کە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەیە. هێشتا چەمکی ڕەوایەتیدان نەبووەتە جێباس و بابەتی لێکۆڵینەوەی توێژەرانی کورد، هەر بۆیە ناتواندرێت پێناسەیەکی تایبەت و گشتیگر بۆ چەمکەکە بخرێتەڕوو. ئەم وشەیە لەڕووی زمانییەوە وەکو زاراوە لە ڕیشەی "شەرع"ەوە وەرگیراوە و لە زمانی فارسی و عەرەبیدا تاڕادەیەکی زۆر هەڵگری یەك واتایە. شەرعیبوون لە هەندێك شوێندا بە واتای ڕێگەپێدراو بۆ حکومڕانی بەکاردەهێندرێت. لە زمانی ئیگلیزیشدا بۆ ئەم چەمکە وشەی "Legitimization" بەکاردەهێندرێت، کە بە واتای دروستیی/ ڕاستیی، ڕاستەقینەبوون، یاساییبوون، یان شەرعیەتبوون وەرگێڕراوەتەوە. شەرعیبوونیان ڕەوایەتیدان، هەمان بابەتە سەرەکییەکە، کە ئاماژەیە بۆ ڕەزامەندیی گشتیی، بۆئەوەی کەسێك، یان گرووپێك بکاتە پلەیەکی سیاسیی. (مەریوان حسێن فەرحان، 2023: 79). جانسۆن و هاوکارانی، پەیوەست بەم چەمکەوە پێناسەیەکیان خستەڕوو بەجۆرێك ڕەوایەتیدان بە چەمکێك، یان گریمانەیەکی گشتگیر دەزانن، کە ڕەفتار و کردەکانی کەسێك لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا و لە چوارچێوەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەهاکان، بیروباوەڕ ودابونەریتەکاندا

sjh@univsul.edu.iq

نیشاندەدات. (کژال فداکار، رضا صادقی شهپر، 1401: 16). یاخود ڕەوایەتیدان بریتییە لەو میکانیزمە گوتارەیەی، کە ڕۆڵی لە پاساوهێنانەوە و سەپاندنی هەژموون و گوتاردا هەیە.

(Johnston, 2008: 151). هەر بۆیە، هەموو گوتارێك هەوڵدەدات ڕەوایەتیی بە خۆی بدات. ئەم ڕەوایەتییەش، وابەستەی چوارچێوەیەکی تەسك و دیاریکراو نابێت، بەڵکو چوارچێوە و بوارێکی فراوان دەگرێتەوە.

**3/5: ڕێکارەکانی ڕەوایەتیدان بە گوتار:**

ڤەن لیۆن Van Leeuwen لە تیۆری شیکاری ڕەخنەیی گوتاردا، چوار ڕیکار بۆ ڕەوایەتیدان بە گوتار، یاخود لێسەندنەوەی ڕەوایەتیدان بە گوتار دەستنیشاندەکات، کە ئەمانەن:

1. داناپێدانان/ ئیعتیباربەخشیی: واتە دەق بەدڵنیایوەرگرتن لەو تاکانەی، کە دانپێدراون لەلایەن کۆمەڵگەوە، ڕەوایەتی بە گوتارەکەی دەدات. (زهرا حیاتی، فاطمە عربزادە، 1399: 196). لەگەڵ ئەوەشدا گەڕانەوە و ئاماژەدان بە دابونەریت، یاسا و کەسایەتییەکان ڕێگایەکی دیکە بۆ ڕەوایەتیدانی گوتار.

2. بۆچوونی ئەخلاقیی: واتە ڕەوایەتیدان بە ئاماژەکردن بە دەزگا ئەخلاقییەکان. واتە نووسەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی میتۆدی ئەقڵانییەوە ڕەوایەتیی بە گوتارەکەی بدات.

3. ئەقڵانیکردن/ هزراندن: ڕەوایەتیدان لە ڕێگەی ئاماژەدان بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کە خوێندنەوەیەکی مەعریفیی بۆ بابەتەکان دەکات.

4. بە ئەفسانەکردن: واتە ڕەوایەتیدان لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکەکانەوە، کە پیشانیدەدەن، کە کاری ڕەوا شیاوی پاداشت و کاری ناڕەوا شیاوی سزایە. (مەریوان حسێن فەرحان، 2023: 79). بروانە: (Van, Leewen: 2007:85-92). هەر بۆیە دەکرێت بگوترێت، گوتار هەوڵی ئەوە دەدات، کە لەلایەن گوێگر/ئاراستەکەرەکانەوە متمانە و ڕەوایەتیدان وەربگرێت. شیاوی ئاماژەپێدانە، کە لە زمانی فارسیدا پەیوەست بە چەمکی ڕەوایەتیدانەوە، ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوە پێشکەشکراون بەجۆرێك، کە زۆربەیان پەیوەستن بە بواری سیاسییەوە. لە زمانی کوردیشدا. تاوەکو ئێستا یەك لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا بە ناونیشانی "لێکدانەوەی ڕەوایەتییدان لە دیوانی مەولەوی تاوەگۆزیی دا)، پێشکەشکراوە، کە پەیوستە بە چەمکی ڕەوایەتیدان و بواری ئەدەبییەوە. هەر بۆیە، ئەم لێکۆڵینەوەی بەردەست وەك هەنگاوێکی گرنگ، پەیوەست بە چەمکی گوتار و بەدەستهێنانی ڕەوایەتیدان لە بەرهەمێکی ڕیفۆرمخوازێکی ئاینیی وەك شێخ محەمەدی خاڵدا خۆی پێناسەدەکات.

**6/ نواندنی ڕەوایەتیدان لە بەرهەمی (ناڵەی دەروون)دا:**

1. **ڕەوایەتیدان بە گەڕانەوە بۆ ئایەتەکانی قورئان:** لێکدانەوەی ڕوانینی قورئان لەم بارەیەوە بە پێش مەرجێك دەکرێت، کە قورئانی پیرۆز، وەکو میساقێکی ئاسمانیی بۆ ڕێنوێنی مرۆڤ، بنەما و چوارچێوەی حکومەت لەسەر خەڵکی دیاریکردووە، کە ڕۆڵێکی سەنتەریی لە ڕێنوێنیکردنی مرۆڤەکاندا ئەگێرێت و بە یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ڕەوایی دەوڵەت دادەنرێت. (اکبری و همکاران، 1393: 68). لەم بەشەدا هەندێك نموونەی پێویست دەخەینەڕوو:

"هیوا چرای نائومێدییە، تاریکیی بێ هیوایی لائەبات.

هیوا ڕووناکیی ڕێگایە، مەردوومی سەرلێشێواو ئەباتەوە سەر ڕێ و ئەیگەیەنێتە قۆناغ.

هیوا کلاوڕۆژنەی دڵ و دەروونە، خەم و خەفەت بەبا ئەدات و شەنوکەوی تیا ئەکات.

خۆڕایی نییە کە خوا لە قورئاندا شریقەی ئومێد و بەرزیی و گەورەیی ئەدات لە موسڵمانان. وە پێیان ئەفەرمووێ: (كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ)، واتە ئێوە چاکترین گەلن، کە نێردراون بۆ سەر مەردووم. (ناڵەی دەروون، 2021: 28) ".

شێخ محەمەدی خاڵ لە سەرەتادا بە نیازە گوتارێکی نەرمی ئاینیی پێکبهێنێت، لە هەوڵدایە پشتبەستن بە ئایەتی قورئان ڕوایەتی بە گوتارەکەی بدات. لێرەدا ئاماژە بە ئایەتی (110- 112)ی سورەتی (ال عمران) دەکات. ئەم گوتارە (گوتاری ئاینیی)، بە دەستنیشانکردنی کێشە و قەیرانی نائومێدیی و لە ئاکامدا گەیشتن بە چەمکی ئارامیی و خۆشبەختیی مرۆڤ دەوردەگێڕێت. لێرەدا گوتاری ئاینیی هەوڵدەدات، واتایەکی جێگیر بە چەمکی ئارامیی بدات. لە لایەکی دیکەوە، بۆ ڕەوایەتیدان بە گوتارەکەی و کارخستنەسەر خوێنەر، شێخی خاڵ وەکو ڕەخنەگرێك، پاڵپشت بە قورئانی پیرۆز ئومێدداریی بە چەمکێکی ناوەکیی تەماشادەکات، کە بەرجەستە و دروستکراوی مرۆڤ خۆیەتی. هەر بۆیە زیاتر ڕوونیدەکاتەوە، کە "مەبەست لە هیوا دەستپاکردنەوە و پاڕانەوە نییە لە خوا، چونکە ئەگەر بە نزا بووایە سواڵکەری سەر ڕێگاکان ئەبوو بووبوونایە بە لۆردو بەڵکو مەبەست لە هیوا ئەمەیە کە هەرچیت لەدەست بێت لە ئیشکردن و هەوڵدان و ڕەنگ ڕشتن و بناغە دانان بیکەیت. شێخی خاڵ ئەم گوتارەی، کە دایشڕشتووە، پاڵپشت بەم دەقەی قورئانە (وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَى، وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَىٰ، ثُمَّ يُجْزَاهُ الْجَزَاءَ الْأَوْفَىٰ). واتە ئادەمی هەر ئەوەی دەستدەکەوێت، کە هەوڵی بۆ دەدات، بەری هەوڵەکەی بەرەبەرە دەستدەکەوێت، تا لە پاشا بەتەواوەتیی هەمووی وەردەگرێت". (ناڵەی دەروون، 2021: 30).

ئەم دەقەی نووسەر، هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤ و بە سەنتەرکردنی مرۆڤ لە پێناوی هیواخوازیی و هەڵهاتن لە بێهوایی دەخاتەڕوو، ئامانج لەم ڕووانگەیەش دامەزراندنی گوتارێکی بەهێزی ئاینیی و کۆمەڵایەتییە. شێخی خاڵ وەك ڕاڤەکارێك پاڵپشت بە ئایەتی قورئانی پیرۆز (إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا)، بەنیازە گوتارێکی مژدەبەخشی ئاینیی بەرهەمبهێنێت و ئەو پەیامە قورئانییە ئاراستەی خوێنەرانی بکات، کە دوای هەموو تەنگایەك نۆرەی خۆشیی و کامەرانییە، ناخۆشیی و بەدبەختییەکانی مرۆڤ کاتین. هەر بۆیە، ئەم تەرزە گوتارە بە دەستکاریکردنی هزری مرۆڤ و گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤدا دەکشێتەوە.

**2. ڕەوایەتیدان بەگەڕانەوە بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر:**

شێخ محەمەدی خاڵ وەك ئیماندارێکی کوردی پتەو و دامەزراو، فەرموودەکانی پێغەمبەر لە زۆر شوێندا دەکات بە پشتیوانی خۆی، تاوەکو بەهۆیەوە ڕەوایەتی بدات بە بیرۆکەکانی، کە دەیەوێت

ئاراستەی وەرگر/ خوێنەری دەکات، ئەم هەوڵەش لە پێناو ئەوە دایە، کە ناوەڕۆکی گوتارەکەی پێ بەهێزبکات. وەك لەم دەقەدا بەرجەستەکراوە: نیشتمان بەو جێگایە دەڵێن کە ئادەمی تیادا پەیدا ئەبێ، وە بە خواردن و خواردنەوەی گۆش ئەکری و گەورە ئەبێ، وە بە با و شەماڵی خۆشی ئەژی و ئەبووژێتەوە، وە بە زبانی ئەو شوێنە مەبەس و ئارەزووی خۆی بەجێ دێنێ، بەڕەوشت و خویی بەهرەمەند ئەبێ و وێڵ ئەگرێ، کە وابوو ئامادەمی ئەبێ زۆرتر خۆشەویستیی نیشتمانی ببێ، چونکە لە هەموو گیانلەبەرێك ژیرتر و بەبیرتر و زاناتر و داناترە. بەسە بۆ خۆشەویستی نیشتمان، گێرانەوەی ئەم فەرمایشە لە دەم (پێغەمبەر)وە، (حب الوطن من الایمان). (ناڵەی دەروون، 2021: 54)."

نووسەر لێرەدا لە ڕێگەی فەرموودەیەکی (پێغەمبەر)ەوە، (حب الوطن من الایمان)، وەك مرۆڤێکی کوردپەروەری ڕەسەن، ڕەوایەتیی داوە بە خاك و خۆشەویستیی نیشتمان خۆی و نیشانیدەدات، نیشتمان پیرۆزترین شوێنە. لەم دەقەدا وەك ناسیۆنالیزمێك خۆی دەردەخات و بەڕوونیی ڕوو لە خوێنەرانی دەکات، کە ڕێز لە نیشتمان بگرن، چونکە شکۆی مرۆڤ وابەستەی نیشتمانەکەیەتی. نووسەر وەك ڕووناکبیرێك لە دەقێکی دیکەدا پەرژاوەتە سەر جێگە و پێگەی زانین و وەك خۆراك و چرای ڕووناکیی بۆ مرۆڤایەتیی تەماشایدەکات، بە چیرۆکێك ئەو گرنگییە دەخاتەڕوو و دەڵێت "میسرییەکان کە خاکی خۆیان پان و پۆڕ و گەورە و فراوان کرد، وە (رام سیس)ی دووهەم تا هیندستانی گرت، ئەوانە میسری نەبوون، بەڵکو عیلم و زانین بووە، کە لەو ڕۆژەدا ئەوان، لە هەموو گەلێك زیاتر خۆیانیان پێی ئارایش داوە". شێخی خاڵ لە ڕێگەی فەرموودەیەکی (پێغەمبەر)ەوە (وقل رب زدنی علما) گوزارشت لە بیرۆکە و خەیاڵی نووسینی خۆی دەکات و دەیەوێت گوتارێکی ڕۆشنبیریی و کوردانەی ئاینیی بەرهەمبهێنێت، مەبەست لەم گوتارەیشی بۆ بەئاگاهێنانەوە و جوڵاندنی هزری تاکەکانی کوردە. هاوکات بانگەوازدەکات، تاوەکو زووە لاوانی کورد بە زانست گۆشبکرێن و میللەتەکەی خۆیان هاوشانی ئەو نەتەوانە ببەن، کە لە لووتکەی پێشکەوتن و زانستدان.

**3. ڕەوایەتیدان بە گەڕانەوە بۆ دەقی شاعیران:**

هەندێك جار ڕەوایەتیدان لە ڕێگەی هێزی تاکەوە بەرهەمدێت، یاخود قسەکەر بۆ ڕازیکردنی گوێگر و ڕاستی و ڕەوانی بۆچوونەکەی، سود لە بۆچوونی کەسایەتییەکان وەردەگرێت، ئەمەش لە پێناو ئەوەدایە، کە قسەکەر بۆچوونەکەی لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەدا ڕێك و هاوتابکات. ئەوەی جێی ئاماژەیە، کە شێخ محەمەدی خاڵ بۆ ڕەوایەتیدان بە پرسە ئاینیی، کۆمەڵایەتیی، مێژوویی و ئەدەبییەکان کەڵك لە کەسایەتییە دیار و نادیارەکان وەردەگرێت، لێرە چەند نموونەیەك نیشاندەدەین. شێخی خاڵ، لە وتارێکی دا، کە پەیوەستە بە چلەی کۆچیدوایی نووسەر ئەمین زەکییەوە، بەنیازە گوتارێکی مرۆڤدۆستانە، تا ئەندازەیەکی زۆر گوتارێکی فەلسەفیی دروستبکات. لە سەرەتای گوتارەکەیدا لە ماهیەت و چییەتی ژیان ڕادەمینێت، بەمجۆرە دەپرسێت " ژیان چییە؟ ڕۆژە لە دوای ڕۆژ و شەوە لە دوای شەو، بەڵکو هەناسەیە لە دوای هەناسە، هەر هەناسەیەك کە مەردووم ئەیدات هەنگاوێك نزیکی ئەخاتەوە بە مردن، یا خشتێك لە

sjh@univsul.edu.iq

کۆشکی تەمەنی دەردێنێ لە بن... بەڵام ئەوەی کە هەرگیز نەڕووخێ، وە بە درێژایی شەو و ڕۆژ و ساڵ و مانگ هەر بمێنێ و پایەدار بێ، ناوە.

مەرگ و ژین مثلی سێبەر و تاوە

ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە". (ناڵەی دەروون، 2021، 38).

نووسەر لەو دەقەی سەرەوەدا لە ڕێگەی شیعرێکی (حاجی قادری کۆیی)یەوە ڕەوایەتیی دەدات بە دەقەکەی، تاوەکو گوتارێکی فەلسەفیی و مرۆڤدۆستانە بەرهەمبهێنێت. مەبەست لەم گوتارەیش ئەوەیە، کە دەیەوێت ڕایبگەیەنێت ئەوەی لە ژیان و پاش مرۆڤ بەجێدەمینێت، تەنها کاری مرۆڤدۆستانە و چاکەویستیی و بوونی ناوبانگی چاك و بەجێیە. شایانی باسە، ئەم جۆرە گوتارە، وێرای ئەوەی گوتارێکی ئەدەبییە، لە هەمان کاتیشدا بنەمای لۆجیکیی هەیە، گوتارێکی فەلسەفییە و دەربارەی ژیان و مردن دەدوێت. شێخی خاڵ لە وتارێکی دیکەدا بە ناوی (خۆشەویستیی نیشتمان)، لە هەوڵدایە، تاوەکو گوتارێکی زۆر بەرزی نیشتمانیی بخوڵقێنێت، تاوەکو بەهۆیەوە هانی لاوان و گەنجانی نەتەوەکەوەی بدات، گەشە بە پرسی نەتەوایەتیی بدەن، هەر بۆیە لە ڕێگەی ئەم دەقە شیعرییەوە ڕەوایەتیی بە گوتارەکەی خۆی دەدات:

ئەو نیشتمانە ئەو ئاو و گڵە

پشت و ئەژنۆیە هەم جەرگ و دڵە

باوك و باپیر و برا و کەس و خاڵ

لەو ڕێدا ڕۆیین گشت بوون بە زووخاڵ

مردن و ڕزین گەڕان بەو خاکە (ناڵەی دەروون، 2021: 53).

نووسەر لە ژێر کاریگەریی ئەو دەقە شیعرییەدا، قسە و باس لەسەر بابەتی نەتەوە و نیشتمانسازیی دەکات و دەریدەخات، کە هەر مرۆڤێك ڕەسەن بێت و کوڕی باوکی خۆی بێت، بە دڵ و گیان نیشتمانی خۆی خۆشدەوێت و لە پێناویدا تێدەکۆشێت، تاوەکو هەمیشە نیشتمانەکەی لە کاروانی ژیان و پێشکەوتندا بێت. لەم جۆرە گوتارەدا (گوتاری نیشتمانیی)، مەترسی ڕووخان و هەڵوەشاندنەوەی لەسەر نییە، چونکە پشتیوانیکردنە لە خەباتی ئەوانەی، کە بۆ نیشتمان تێدەکۆشن. هەر لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێت بگوترێت، کە گوتارەکانی شێخی خاڵ لایەنگرن و بەجۆرێك لە جۆرەکان دژ بە گوتاری زاڵ و سڕینەوەی شوناسی کورد و خاکەکەی کاردەکەن. سەرباری ئەمە، دەقەکە شیعرییەکەی سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستییە، کە دۆخێکی وجودی ترسناك لەناو ناخی تاکی کوردا هەیە و هەمیشەش لەگەڵی دەژی. بوونی کورد وەك نەتەوەیەکی ئێجگار گەورە بەدرێژایی مێژوو لە ژێر هەڕەشە، ترس و مەترسی داگیرکەراندا بووە، قوڵایی ئەو ترس و مەترسیەش دۆخێکی ناوازەی لە مێژووی مۆدێرنی جیهاندا پێبەخشیوە.

sjh@univsul.edu.iq

**4. ڕەوایەتیدان بە گەڕانەوە بۆ دابونەریتەکان:**

نەریت، یەکێکی ترە لە ڕێگەکانی ڕەوایەتدان، چونکە ئەم نەریتانە بەتێپەڕبوونی کات جێگربوون و پێویستە خەڵکی هەوڵی پاراستنی بدەن. بەگشتیی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هێزی هێماکان، نەك تەنها لە ڕێگەی کۆنتڕۆڵی ڕاستەوخۆ و فیزیایی کۆمەڵگەوە، بەڵکو لە ڕێگەی باوەڕکردن بە ڕەوایەتیدان بەجێدەهێنرێت. هەر بۆیە لە زۆربەی پێکهاتەکانی مەیدان، کە بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانی بیر و باوەڕیان تیایایدا بەجێدەهێنرێت، خولقێنەرانی دەسەڵات و وشەکان، خاوەن دەسەڵاتێکی نادیارن، کە دەتوانن سیستەمی کۆمەڵایەتیی بپارێزن، یان بیروخێنن و شەرعیەتیان پێبدەن، یان لێیانسێننەوە. (مەریوان حسێن فەرحان، 2023: 85- 86). یەکێك لە نەریتە نەخواز و نەویستراوەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیی، لەو سەردەمەی، کە شێخ محەمەدی خاڵی تیایدا ژیاوە، نەریتێکی خراپی وەك (قومارکردن)،بووە. وەك دەڵێت" ئەی موسڵمانینە! لەم ڕۆژانەدا قومار وەك دەردی ئاوڵە بڵاوبۆتەوە لەناو گەنجەکانمانا. وە لە سەدا شەست فێری قومارکردن بوون، وە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ئەتەنێتەوە". (ناڵەی دەروون، 2021: 385). بوونی ئەم نەریتە هاندەری جوڵاندنی بیری نووسەر بووە، هەتا گوتارێکی کەلتوریی و کۆمەڵایەتیی بەرز بەرهەمبهێنێت. ئامانج لە پێکهێنانی ئەم گوتارەش ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی خەمخۆرانە هۆشداریی لە بوونی ئەم نەریتە خراپە دەدات و نیگەرانیی ئەوەشە، کە ڕۆژبەڕۆژ ئەم نەریتە پەرەدەسێنێت. هەر بۆیە، وەك ڕووناکبیرێکی بەئاگا و خەمخۆر داوادەکات، گەنجان و لاوانی نەتەوەکەی دەست لەم نەریتە هەڵبگرن. لە شوێنێکی دیکەدا شێخی خاڵ بۆ ڕەوایەتیدان بە گوتارەکەی جارێکی دیکە ئاماژە بە نەریتێك دەکات، کە نەریتی (درۆکردن)ە. ئەوەی جێی ئاماژەپێدانە، ئەوەیە، کە بوونی ئەم نەریتە تاڕادەیەکی زۆر نووسەر توڕەو نیگەران دەکات و دەڵێت" گوناح لەناو دەمی ئادەمیدا ئێجگار زۆرە، وە گەلێ جۆری هەیە، بەڵام هیچیان نابن بە درۆ، وە هیچیان بە قەد درۆ پیس و ناشیرین، وە نەنگ و شورەیی نین، ئینسانی درۆزن لەناو کۆمەڵەی بەرزا زۆر سووك و ڕیسوا و بێنرخە، تەنانەت لەناو ماڵ و منالی خۆشیا بێحورمەتە". (ناڵەی دەروون، 2021: 363).

لێرەدا شێخی خاڵ، بە چاوێکی ڕەخنەگرانە و ویژدانێکی زیندووەوە، پەرژاوەتە سەر باسی ئەو نەریتە ، کە لە ڕۆژگاری نووسەردا باڵادەست و بەرچاوبووە. ئەم نەریتە هۆکار بووە، هەتا نووسەر هەوڵبدات گوتارێك لەپێناو دەستەبەری کەلتوریی و کۆمەڵایەتییدا پێکبهێنێت، تاوەکو جێی باوەڕی خوێنەرانی بن، چونکە گوتارێك جێمتمانە و باوەڕی خوێنەرانی نەبێت، بێبرست و کاریگەر دەبێت و زوو دەڕوخێت و زوویش هەڵدەوەشێتەوە. لەم شوێنەدا خاڵی گرنگ و سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە نووسەر بە گوتارەکەی بەنیازە دەستکاریی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و کەلتوریی و ئایینیی بکات، چونکە دەستەواژەی کەلتور، دیاردەیەکی مرۆییە، بەو مانایەی، کە لەناو زیندەوەراندا تەنها مرۆڤە بە مرۆڤ و هەر مرۆڤ تایبەتمەندیی داهێنان و توانای گۆڕانکاریی و پارێزگاریلێکردنی هەیە ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە لەم ڕووانگەیەوە بڵێین، کە گوتارەکانی شێخی خاڵ هەم دروستکەرن و هەم دروستکراون. بە واتە گوتارەکانی جۆرێکن لە پراکتیکی کۆمەڵایەتیی، کە هەم جیهانی کۆمەڵایەتیی دروستدەکەن، هەمیش دروستکراوی پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەن.

sjh@univsul.edu.iq

**5. ڕەوایەتیدان بە گەڕانەوە بۆ پەندی پێشینیان:**

یەکێکی دیکە لە ڕێگاکانی ڕەوایەتیدان بە گوتار، ئاماژەپێدان و گەڕانەوەیە بۆ پەندی پێشینیان. لێرەدا نووسەر لەپێناو دامەزراندنی گوتارێکی بەهێز و پڕکاریگەریی پەنادەباتە بەر گەڕانەوە بۆ پەندی پێشینیان، کە ناو کۆمەڵگەکەیدا بەکاردەهێنرێت و کۆدەنگیی کۆمەڵی لەسەرە. شێخ محەمەدی خاڵ کۆششدەکات، لە پێناو ببڕکردنی نەریتی فرتوفێڵ و درۆکردن لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، گوتارێکی کۆمەڵایەتیی و ئاینیی دابمەزرێنێت لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ پەندێکی وەك "دنیا بە درۆ و قیامەت بەڕاست"، (ناڵەی دەروون، 2021: 409). نووسەر لێرەدا لە نەریتی درۆکردن بێزارە و بەنیازە، نەریتی درۆکردن هەڵوەشێنێتەوە و ڕەوایەتی بە نەریتی ڕاستگۆیی و سەرڕاستیی بدات. لەم شوێنەدا نووسەر بەشێوەیەك لە شێوەکان خوازیارە، کە سیستەمی کۆمەڵایەتیی پێچەوانەبکاتەوە و مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا بگۆڕێت.

**6. ڕەوایەتیدان بە کەسایەتییە جیهانییەکان:**

شێخ محەمەدی خاڵ، لە بەرهەمی (ناڵەی دەروون)دا، بە هەندێك لە کەسایەتیی نائایینی کاریگەرە، ئەمە ڕێگەخۆشکەرە لەئەوەی لە دووتوێی ئەو بەرهەمەدا، ڕەوایەتیی بە زۆرێك لە کەسایەتییەکان بدات. ئەمەش لەو پێناوەدایە، کە دەیەوێت کەڵك و بەهرە لەم کەسایەتییانە نائایینیانە وەربگرێت، تاوەکو گوتارە ڕۆشنبیریی و مەبەستدارەکەی خۆی لەسەر دابمەزرێنێت. لێرەدا دەقێك لە وتاری (پێویستی وێژەر) وەردەگرین، کە دەڵێت "دەمێکە ئاواتەخوازم کە ئێمەش لە وێژەی کوردیدا نموونەی "بەردناشۆ" لە وێژەی ئیگلیزی و "تولْستوی" لەوێژەی ڕووسی و "ئەناتول فونس" مان ببێ لە وێژەی فەڕەنسیدا، کە وێژەی خۆیان تەرخانکردووە هەر بۆ خزمەتی کۆمەڵە و گەلی خۆیان". (ناڵەی دەروون، 2021:

.(120-119

وەك نیشاندراوە، نووسەر لە نووسین و هزر و بیری نووسەرانی جیهان بەئاگابووە. خوازیارە پێگەی وێژەی کوردیی و ناوبانگی نووسەران کورد بگاتە ئاستێکی باڵا و شوێنپێیەك لە وێژەی جیهاندا داگیربکات. ئەم ڕووگە وەرگێڕانە و گەڕانەوەی نووسەر بۆ کەسایەتیی نائایینی و دەقەکانیان ڕێگەخۆشەری زەمینەیەکە، بەوەی نووسەر لە بازنەیەکی بچووکی داخراوی ئایینیەوە بگوازێتەوە بۆ ناو بازنەیەکی گەورەتر. بێگومان ئەم هەوڵەیش لە پێناوی ئەوەدایە، کە شێخی خاڵ لە ڕێگەی ئەدەبەوە دەیەوێت کۆی ژیان و کایەی کەلتوریی، ئاینیی، کۆمەڵایەتیی، سایکۆلۆجیی، سیاسیی و ڕۆشبیریی دەستکاریی بکات و بیگۆڕێت. نووسەر لە شوێنێکی دیکەدا پەیوەست بە چەمکی ( دۆست)ەوە، گوتارێکی کۆمەڵایەتیی پێکدەهێنێت. تیایدا لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکەوە ڕەوایەتیی بە گوتارەکەی دەدات. لەم وتارەدا لەپێناو چڕکردنەوە و قوڵکردنەوەی چەمکی دۆست و دامەزراندنی گوتارێکی بەرز، ئاماژە بە کەسایەتیی (سۆقرات) دەکات و بەمشێوە دەڵێت" ئەگێڕنەوە سوقرات خانوویەکی بچکۆلانەی دروست کردبوو، لەناو ئەو خانووەیشا هۆدەیەکی زۆر بچکۆلانەی بۆ خۆی دروست کرد، درواسێیەکی هاتە لای وتی: تۆ پیاوێکی گەورەی بەناوبانگی، چۆن لەم خانووە بچکۆلانەدا جێگات ئەبێتەوە، ئەویش وتی ڕاست دەکەیت، بەڵام خۆم زۆر بە بەختیار ئەزانم ئەگەر بتوانم ئەم ژوورە بچکۆڵەیە پڕ بکەم لە دۆست و برادەری بەڕاستی. ئەوا دۆستی بەڕاستی زۆر کەمن، وە من هەرگیز ئەم ژوورەم بۆ پڕ نابێت لە دۆست". (ناڵەی دەروون، 2021: 108).

sjh@univsul.edu.iq

وەك دەردەکەوێت، نووسەر لە ڕێگەی ئاماژەکردن بە ناوی سۆقرات، بەنیازە ڕەوایەتیی بە گوتارەکەی بدات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پشتڕاستکردنەوەی تیۆرەکەی ڤەن لیۆن دەخاتەڕوو، بە واتە لە گوتاردا بەشداربووان هەن، ڤەن لیۆن بە کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان "Social Actors" ناویاندەبات، ئەو کارەکتەرانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە دەقدا ئاماژەیان پێدەکرێت. بڕوانە: Van, (Leewen: 2007). دیارە، کە ئەم ئاماژەکردنەش بۆ ڕاکێشانی خوێنەر بۆ دەقەکە و کارکردنە سەر بەها و بیروباوەڕکانیەتی. لەم پێناوەدا شێخی خاڵ، لە بەر هەمی (ناڵەی دەروون)دا، تاڕادەیەکی زۆر خۆی لە ئاماژە و دەربڕینە ناڕاستەوخۆ و نادیارەکان پاراستووە، ئەم هەوڵەیشی هزرواڵایی و زیرەکیی نووسەر دەسەلمێنێت.

**7. ڕەوایەتیدان بە گەڕانەوە بۆ بنەما ئەقڵییەکان:**

لە پاش خوێندنەوە و بەدواداچوونێکی چڕ، دەردەکەوێت لە پەرتووکی (ناڵەی دەروون)دا چەند بنەما و ئاماژەیەکی ئەقڵی/ هزریی ئامادەن بەجۆرێك، کە شێوازی بیرکردنەوە و دنیابینی نووسەر لەخۆدەگرن. لێرەدا ئاماژە بە چەمکی زانین دەکەین، کە نووسەر وەك بنەمایەکی سەرەکیی و بنەڕەتیی لێی ڕاماوە. بەڵگە نەویستە، کە بە درێژایی مێژووی فەلسەفە زانین چەمکێکی بنەڕەتیی و چارەنووسسازی مرۆڤایەتیی بووە. نووسەر لە ڕێگەی وتارێك بە ناونیشانی (زانستگا)وە دەچێتە سەر باسی چەمکی (زانین) و دەڵێت "خواپەرست هەر نوێژ و ڕۆژو و خواپەرستی ئەکات، بەڵام مامۆستای زانستگا بە زانین و خزمەتی زانیاریشەوە خواپەرستی ئەکات". (ناڵەی دەروون، 2021: 55). هەمان وتاری سەرەوە گوتارێکی ڕۆشنگەرانەی لەئامێزگرتووە و دەریدەخات، کە شێخ محەمەدی خاڵ خاوەنی دید و تێڕوانێکی باڵای ڕۆشنبیریی و ئەکادیمییە و خەباتدەکات لەپێناو دروستکردنی کایەی ڕۆشنبیریی. هەر بۆیە بەهەموو جۆرێك، ئەقڵی دەستەمۆ و کۆنترۆڵکراو ڕەتدەداتەوە و بەشێوەیەکی دلێرانە دەڵێت " مامۆستای زانستگا لە هەموو کەس زیاتر پێویستە بە ژیانێکی سەربەخۆی سەربەست، بەڵکو سەربەخۆیی مامۆستای زانستگا لە سەربەخۆیی سیاسیی بۆ ئەو پێویستترە، چونکە زانین بەر نادات تا سەربەستیی و سەربەخۆیی لەگەڵ نەبێ". (سەرچاوەی پێشوو، 2021: 55).

لەم دەقەدا شێخ محەمەدی خاڵ جگە لە کەسایەتییەکی ئایینیی ڕیفۆرمخواز، وەك ڕووناکبیرێك، کە هەڵگری تێڕوانینی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە، دێتە دەنگ. پاش تێڕامانی ورد بۆ دەقەکە، هەست بە گرفت دەکرێت" هەستکردن بە گرفتیش قۆناغی یەکەمی بیرکردنەوەی ڕەخنەییە". (شاهۆ سەعید، 2023: 20). گرفتەکەش تێوەگلانی زانکۆ و مامۆستایانی زانکۆیە بە بەرژەوەندیی کەسیی و بارگراویکردنیان بە ئایدۆلۆژیا. هەر بۆیە، پەرۆشی ڕەخساندنی کەشێکی ئازادە و هەوڵدەدات گوتارێکی ئاگامەندانە ئاڕاستەی زانکۆ وەك دامەزراوە و مامۆستایانی زانکۆ بکات، بەو جۆرەی، کە بەنیازە بڵێت مامۆستایانی زانکۆ تەنها دەبێت لە خەمی زانست و پیشەکەی خۆیاندا بن و دوای بەرژەوەندیی کەسی نەکەون، چونکە دەرگیربوونی زانکۆ و مامۆستایانی زانکۆ بە ئایدۆلۆژیا گرفتێکی گەورەیە. جیاواز لەو خوێندنەوەی، کە بۆ دەقەکە کرا و خرایەڕوو، دەکرێت خوێندنەوەیەکی قووڵ و شێنەییتر بۆ دەقەکە بهێنینەئاراوە. ئەویش ئەوەیە بەشێوەیەکی بوێرانە و داکۆکیکارانە قسە لەسەر خودی دامەزراوەیەکی وەك زانکۆ دەکات، بەجۆرێك، کە ڕەخساندنی سەکۆی ئازاد تیایدا بە ئەرك دەزانێت. لەم شوێنەدا بیرکردنەوە و ئاسۆی کراوەی نووسەر دەگاتە ئەوپەڕی لوتکەی ئەخلاقیی و بەرپرسیارێتیی.

**پێشنیازەکان:**

1. تیۆری شیکاری ڕەخنەیی گوتار بایەخ و گرنگیی خۆی هەیە، هەر زوو سەرنجی ناوەندە لێکۆڵینەوە و زانستە مرۆییەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، لێرەوە پێویست دەکات، کە لێکۆڵەرانی کورد لێکۆڵینەوەی تایبەت بە ئەم بوارە پێشکەشبکەن.
2. ئەم تیۆرە هاوکارە بۆ دەرخستنی لایەنە شاراوە و نادیارەکانی نێو سەرجەم دەقە سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئەدەبیی و ئاینییەکان، دەکرێت بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەی سەرجەم ئەو دەقانە سودمەند و کاریگەر بێت.
3. تەرخانکردنی لێکۆڵینەوەی زیاتر پەیوەست بە بەرهەمەکانی شێخ محەمەد خاڵ و گرێدانیان بە تیۆرە کۆمەڵناسیی و زمانەوانییەکان، بەتایبەت تیۆری کۆمەڵناسیی - واتایی ڤەن لیۆن.

**ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە:**

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەردەکەوێت، کە لە تیۆری شیکاری ڕەخنەیی گوتاردا، چەندین ئاراستە و ڕووانگەی هەمەجۆر لەوانە ڕووانگەی (فرکلاف، ڤەن دایك، هاج و کرس، ڤەن لیۆن)، هەن. لەو نێوەندەدا تیۆری شیکاری ڕەخنەیی گوتار ڤەن لیۆن یەکێکە لە تیۆرە گرنگ و پربایەخەکان، کە لە شیکاریی گوتاردا، دەبێتە کەرەستەیەکی بەهێز بۆ ڕاڤەکردنی دەقەکان. لەم تیۆرەدا چوار بنەما بۆ ڕەوایەتیدان بە گوتار پێشکەشکراون، بەجۆرێك هەر گوتارێك هەڵگری ئەم بنەمایانە نەبێت و پەیڕەویان لێنەکات، ڕەوایەتیدانی لێوەردەگرێتەوە. شێخ محەمەدی خاڵ لە بەرهەمی (ناڵەی دەروون)دا، بەنیازە گوتارێکی باڵا و بڕواهەڵگر پێکبهێنێت، کە جێی متمانەی خوێنەر بێت، تاوەکو زوو نەڕووخێت و هەڵنەوەشێتەوە، بەمپێیە گوتارەکانی شێخ محەمەدی خاڵ بە شێوەی جۆربەجۆر بەدوای بەدەستهێنانی متمانە، یاخود ڕەوایەتیدانەوەن، ئەم هەوڵەش لە پێناوی ئەوەدایە، کە کاریگەریی لەسەر خوێنەر دروستبکەن و پەسەندییبکەن، لەم پێناوەدا شێخ محەمەدی خاڵ بە (7) ڕێگا ڕەوایەتیی بە گوتارەکانی دەدات، کە ئەمانەن (ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، فەرموودە، دابونەریت، دەقی شاعیران، کەسایەتییەکان، پەندی پێشینیان و بنەمای ئەقڵیی)، سەرجەم گوتارەکانیش لە دەوری گوتاری (ڕۆشنبیریی، ئەدەبیی، فەلسەفیی، ئاینیی، کۆمەڵایەتیی و نیشتمانیی) دەسوڕێنەوە و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە پێدانی شوناسی تازە بە تاك و ئامانج لێیان دەستکاریکردنی کۆی ژیان و کایە جۆربەجۆرەکانی وەك ئاینیی، کۆمەڵایەتیی، سایکۆلۆجیی، ئەخلاقیی، کەلتوریی، سیاسیی و ڕۆشبیرییە.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان**


1. ڕەحیم سورخی (2013)، *شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی گوتاری سیاسیی ڕۆژنامەنووسیی کوردی (1918- 1932)*، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
2. شێخ محەمەدی خاڵ (2021)، *ناڵەی دەروون، جزمی یەکەم*، چاپی سێیەم، چاپی ئاراس، هەولێر.
3. شێخ محەمەدی خاڵ (2021)، *ناڵەی دەروون، جزمی دووەم*، چاپی سێیەم، چاپی ئاراس، هەولێر.
4. وەلید عومەر (2023)، چاوپێکەوتن لەگەڵ شاهۆ سەعید.

5. میدیا ئیبراهیم فەتاح، هیوا ئەحمەد عەزیز (2023)، *بنەماکانی شیکاری رەخنەیی گوتار لای نۆرمەن فێرکلاف*، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی (27)، زانکۆی سەلاحەدین.
6. مەریوان حسێن فەرحان (2023)، *لێکدانەوەی رەوایەتییدان لە دیوانی مەولەوی تاوەگوزیی دا*، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتییجیی، ژمارە (4).

**سەرچاوە فارسییەکان**

7. اکبری و همکاران ((1393)، *عناصر مشروعیت حاکمیت از دیگاه اسلام*، جمله معرفت، سال بیست و سوم، شماره (200).
8. حمید رضا اکبری و همکاران (1395)، *بازنمایی کنش گران اجتماعی در داستان " در بویر احمد"*، پژوهشی ادبی، شماره (82).
9. زهرا حیاتی، فاطمه عربزاده (1399)، *بازخوانی باب اول بوستان سعدی با رویکرد مشروعیت بخشی در گفتمان* حکومت، متن پژوهی، سال 24، شماره (83).
10. کژال فداکار و رضا صادقی شهپر (1401)، مشروعیت بخشی و مشروعیت زدایی در اشعار *ملك الشعرا بهار و حاجی قادر کویی بر اساس نظریەی ون لیوون*، سال هشت، شماره (1).
11. علی ناجی، (1394)، فوکو، *گفتمان، تحلیل گفتمان*، فصل نامه انجمن ایرانی مطالعات فرهنگی و ارطبات، سال دوازدههم، شماره (42)، بهار.
12. ماریان یورگنسن، لوئیز فیلیپس (1401)، *نظریه و روش در تحلیل گفتمان*، ترجمه هادی جلیلی، نشر نی، چاپ یازهم، تهران.
13. محمد احمد پور (1392)، *روش تحقیق کیفی ضد روش*، پخش دوم، نشر افق، چاپ اول، تهران.
14. محمد رضا پلهوان نژاد (1401)، *تحلیل گفتمان انتقادی فیلم سوتەدلان از منظر رویکرد ون لیوون*، جمله زبانشناسی و گویش های خراسان، سال چهاردهم، شماره (3).\
15. یار محمدی (1383)، *گفتمان شناسی رایج و انتقادی*، انتشاران هرمس، تهران.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

16. Johnsyon, Barbara (2008), Discourse Analysis. Oxford. Blackweel Publishing.

17. , van Leewen (2007), Legitimation in Discourse and Communication, Landon, Los Angeles New Dehli and Singapore.

18. Van Dijk, T. A (1997), in Discourse as Structure and Process: Discourse Studies: A Multidisciplinary lntroduction. Landon: SAGE publications.

# Investigate the concept of justification in the product (Nallay Daroon) of Shekh Mohammady Khall

## (A viewpoint of Analayze the critical discourse)

**Asst. Lect. Sarwar Sadulla Salih- Master**

**Charmo University, College of Education, Kurdish Department, Chamchamal**

**Sarwar.sadulla@chu.edu.iq**

**Abstract**

Shekh Mohammady Khall is one of the prominent characters and an intellectual of Kurd. In his time, he was an innovative imam and sorrows and significant issues of his nation were prior of his work. The writer in the product (Nallay Daroon) which are some essays were written in the specific circumstance, that justify the reader's trust. So, he wanted to compose a high discourse and believer that reader trust it in order to not collapse and scroam. Hereby, the discourses of Shekh Mohammady Khall in different manner to get trust or justification. The result shows that persist of the writer is in the way of language ang goring back and indicate the verses of the holy Quran, hadith, tradition, the texts of the poems, characters, and proverbs, he wanted to produce the high discourses such as religious, humanity, literary, philosophy, social, nationality and culture. All of the discourses are builder and built, it means the discourses are practical socially that they build social situation and also, they built the other social practical aspects.

**Keywords:** discourse concept, Analyze Theory of critical discourse, justification concept, Nallay daroon.